# پیرۆز بایی بە بۆنەی دامەزراندنی تەلەڤزیونی کۆمەلە تی ڤی

**ن:شورش محەمەدی**

تەلەڤزیۆنی کۆمەلە لەو سەردەمە هەستیارەی ئەمرۆ دا ولە رۆژی12 ی رێبەندانی 84 وە بە رنامە ئەزمونی یەکانی خۆی دەست پێکرد . پێویستی دانانی تەلەڤزیۆنێك بۆ حیز بێکی چەپ و شۆرشگێری وەك کۆمەلە زوتر لەمە هەستی پێدەکرا ، بەلأم لە دونیای ڕاوو ڕوتی ئەمرۆ دا پرۆژەیەکی بەم جۆرە ئەویش بۆ حیزبێکی کرێکاری و شۆرشگێر خەرج و مە خارجێکی یەکجار زۆری هەڵدەگرت و ئەوەش کۆسپێك بوو

لە سەر ڕێگای دانانی ئەم تەلەڤزیۆنە .

پێویستی دانانی تەلەڤزیۆن لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیستا لەو سەردەمەدا کە خەباتی چەکداری و یا بە واتایەکیتر خەباتی شاخ لە ئارا دا نییە و تەنیا خەباتی سیاسی و تیئوریك ئیستا بۆ ڕێکخستنی کرێکاران لە تەشەککولی سە ربەخۆی خۆیان دا و تەیار کردنی کرێکاران بۆ شۆرشێك کە لە ریشەوە سەرمایەداری لە ناو بەرێت دەتوانێ وەلأمدەرەوە بێت . ئەم خە باتەش بە هۆی دوری کۆمەلە لە کۆمەلگاو لە ناو خەلك دا کە ئەویش بە هۆی بوونی رژیمێکی درندە و دژە مرڤەوە بووە (هەر چەند کە بوێرانە دەتوانین بلێین کە تەنانەت لەو هەل و مەرجەش دا لە ناو شار و ئاوایی و کارگە و کارخانەکان و شوێنەکانی تر دا لە ناو خەلك دا حازر بوین ). تەنیا لە ڕێگای میدیا و راگەیەنەرە کانەوە دەتوانێ مسۆگەر بێت . بە راستی سەردەمی ئیستا سەردەمی پەیوەندیە کانە ، سەردەمێکە کە هەر چەند تۆ (حیزب ،ڕێکخراوو.....) بتوانێ پەیوەندیت زیاتر هەبێت لە گەل کۆمەلگا جا چ لە ڕێگای tvوە بێت کە گرینگترینیانە و چ ئامێرە کانی تر ، ئەوە تا رادەیەك سەرکەوتوتری.

هەبونی تی ڤی یەك بۆ کۆمەلە نە هەر لە لایەن ئەندام و لایەنگرانی حیزبەوە ، بەلکو لە لایەن جەماوەری زەحمەتکێش ،کرێکاران ، ژنان و لاوانیشەوە چاوەروانیەکی زۆری لێدەکرا .

جا ئیستا کە ئەو ئاواتە گەورەیە هاتۆتە دی ، tvکۆمەلە دەبێت ، میدیایەکی جیاواز لە میدیاکانی تر چ فارسی زمان و کوردی زمان بێت ، چونکو جێگای میدیایەکی وەك komala tv بە راستی خالی بوو لە ناو میدیاکان دا . میدیایەك کە دەنگێکی جیاوازە ، رسالەتی شتێکی ترە ، تا ئیستا ئەو میدیایانەی کە بونیان بووە ئەو میدیایانە بوون کە لە خزمەت بەرژەوندی چینی دەسەلاتدار دا بوون و میدیا گەلێکی ئازاد و بیٚ سانسۆر نەبوون وهیچ کات باسیان لە ئێش و ئازارەکانی چینی ئیمە ، چینێك کە هەمو کات ژێر دەستەو چەوساوە بووە ، لە کەمترین وسەرتایی ترین مافەکانی ژیان بیٚ بەش بووە ، نەکردوە .

هەر بۆیە دانانی تەلەڤزیۆنێکی جیاواز ، تەلەڤزیۆنێك کە ئامانج ، بەرژەوندی و رسالەتی شتێکی تر بێت ، جێگای شانازی و خۆشحالیە بۆ هەمو چین و توێژەکانی کۆمەلگا بە تایبەت چینی چەوساوە و بەش مەینەتی ئەو کۆمەلگایە .

Komala tv ویش لە هەمان کات دا ئەرکێکی گرینگی دەکەوێتە سەر شان و دەبیٚ وەلأمدەرەوەی ویست و داخوازی خەلك بێت ، واتە دەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێت ، دەنگی ژنانی وەزاڵە هاتوو لە زوڵم و ستەم و نا بەرابەری بێت ، دەنگ و رەنگی ئەو لاوانە بێت کە لە هەموو خۆشی و ئیمکاناتێکی ئەو سەردەمە بیٚ بەش کراون ، دەبیٚ komala tv دەنگ و رەنگی منداڵانی کار و مندالانی بەش مەینەت و بیٚ بەش لە خوێندەواری بێت ، بە کورتی دەبیٚ دەنگ و رەنگی ئازادی و بەرابەری بێت .ئەو دەمەیە کە چینە چەوساوەکان زیاتر هەست بەوە دەکەن کە میدیای تایبەت بە خۆیان دۆزیوەتەوە کە komala tv بێت .

**له کۆتایی دا پیرۆز بایی کۆمەله تی ڤی دەکەم له هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و دۆستان لایەنگرانی کۆمەله و له هەموو زیندانیانی سیاسی و له تەواوی بنەماڵەی گیانبەختکردوانی  ناو ریزە کانی کۆمەله . هەروەها پیرۆز بایی له هەمو ئینسانه ئازادیخوازەکان و ئەندامان وهەڵسوراوانی کۆمەله دەکەم و پیرۆزبایی له هەموی ئەو کەسانه دەکەم که دڵیان بۆ کۆمەله و رێبازە پیرۆزەکەی لێدەدات .**